# تێکەڵ و پێکەڵ

## پیاو لۆ خوای برێ

شوان غەمبار



### میرات

(هەڵمەتە سوور)لە میراتی بابی (١٠) دەفتەر و خانیەک و دوکانێکی پێبڕا، مۆنیکایەکی کڕی های لایف دەژیا بەس نەیزانی بخوا...هەرزوو عەشق لێیداو قۆپاندیەوە_هەموو جارێ دەهاتە کنە من جغارە بە جغارەی پێدەکردو دەیگۆت:هەموو ڕازینە برایەکەی ڕازی نیە، نازانم چ بکەم؟ یاشیخ توخوا دوعام لۆبکە...بەسەفتە پارەی لەقلەکەی سەرف دەکرد! هەموو ڕۆژێ دوو سێ کارتی لۆ تەحویل دەکرد! برایەکانی دەعوەت دەکرد_هەموو دەمێ مۆبایلی بەبن جێیەوە بوو،_وەکی شێتانی لێهاتبوو...دەمگوت سارێ یەک ڕۆژی تێ مابوو ئەو کوڕە هەر شێتدەبی بە ئاقاری عەنکاوەی دەکەوی! قیڕ سپی بوو، خێ لەسەر بەردی شین بوو، بەهەزار عاری هەتا کیژەکەیان دایێ.

خانیەکەی فرۆشت زێڕەکی زۆری کڕی لۆ دەزگیرانی (٢٤)سەعاتی خوای دەیبردە سەیرانێ.

تەوسکە/ئەحمەداوە/سوارە توتکە/شەقڵاوە/سەرسیر/سەرچنار/هەنارە/گەلی عەلی بەگ/جوندیان/دارەبزمارە/سەیدی بێسەر.

نەما پێی نەکا، هەر ناوە ناوە کیژە خۆی لێ دەتۆراند_ماری خەزوریشی (سلێمانی گوتەنی) هەر دەستی دەستیان پێدەکرد!

وای لێهات ئەو بەستەزمانە هیچ نەما کەتە سەر ساجی عەلی هەرچی هەبوو نەبوو لەدەستیان دەرهینا_کافری پێ موسرمان دەبوو/ یەک کەچە پنتۆرەک مابوو لەگەر یەک کراسی، دەتگۆت هێتیمییە. ئیدی بەناچاری هەر قەردی دەکرد، وای لێ هات دووسێ دەفتەر قەردار بوو، مارە خەزووری کە زانیان هیچی پێ نەما کیژەکیان بە تۆبزی پێ بە تەراق دایی دا ئەوێ ڕۆژ خەریک بوو نەیناسمەوە، سەری هەموو سپی بوو بستەک ڕدێنی هاتبوو، دەتگوت دەروێشی تەکییە- لاوازو باریک ببوو دەتگۆ تاژی پێش دەرکەی ماری (..........) ئاغایە چەورت کردبا لە (........) سەی وە دەچوو بەستەزمان بریا وەهام نەدیتبا ئەو کوڕە کە جاران شاپی لە پارەی دەدا، ئاخر مۆدیل لە هەموو شاییەکی سەرچۆپی گرتبوو. دەزانی لە کێم دی؟؟ لەپێش مزگەفتی خانەقای دەرۆزەی دەکرد!!




## ژێرکاتێر





## پاشماوەی خەبەر عاجیل

بۆ هەڵپاچین و داپاچینی سفرە زۆرەکانی سەر دراوی عێراقی و تەعدیلاتی ئەو خەبەرەی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەمان، بە سێ چوار مەقەستی تیژەوە لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی بواری دارایی و ماتماتیک چوینە بەغدا، پاش تاوتوێکردنێکی لێزانانە پێمان باش بوو حکومەتی بەغدا ئەم پرۆژەیە بنوقێنێت، بۆئەوەی تۆزێ حەکیمانە تر بیری لێبکەینەوانێ، گوێی شەیتان کەڕبێ نەوەک خوانەخواستە لابردنی سفرەکان لە قازانجی میللەت بێ!!



## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١.لە گەرمای هاوینێکی وەک ئەمڕۆداو لە بەرواری هەشتی هەشتی هەزارو نۆسەدو هەشتاوهەشتی وەیشومەییدا، سەدام حسەینی سەرۆکی قەنارەدراوی پێشوی عێراق، کۆتایی بە شەڕی نێوان ئێران و عێراق هێنا، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ناوبراو دیسان مارە کوبراکەی جوڵاو پەلاماری کوەیتی دا!!

٢. لە بەرەجەژنانێکی وەک ڕەمەزانداو لەڕێکەوتی بیست و پێنجی ئابی دووهەزارو ئەزمەی هەموو شتێکدا، هەر بە قودرەتی قادر نرخی خواردەمەنی و سوتەمەنی و شلەمەنی و بلەمەنی گەیشتە کەشکەلانی فەلەک، وە بیلموناسەبە هیچکام لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەم پرسە مێشێک میوانیان نەبوو!!

٣. لەڕۆژێکی نیوەڕۆداو لەعانی گەرماوگەرمی دارشتنی یاسایەک بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان لە سەرتاسەری عێراقدا، هێشتا حکومەت قەواڵەی خۆی نەخوێندبویەوە، نزیکەی دە دوانزە ڕۆژنامەنوسی قوربەسەر جەزرەبەی گیانیان درا!!

# چێشتی مجێور

## دیمانەی گەپ

### بەنزین

فەرهاد فرە ڕێس

گەپ/ بەخێربێیت بۆ گۆشەی دیمانە
بەنزین/ سوپاس، وامزانی گۆشەی مەیخانە دەڵێی!
گەپ/ مەبەستم ئەوەیە بەنزین بووەتە مەی، بەنزینخانەش بووەتە مەیخانە!
بەنزین/ یەعنی ئەوەندە گران بووم؟
گەپ/ بەڵێ هەرچی شۆفێرە دادو بێدادیانە
بەنزین/جا خۆ خەتای من نییە، خەتای تۆپە
گەپ/ تۆپی ئۆفیشاڵ؟
بەنزین/ نەخێر مەدفەعی ئێرانیشاڵ!
گەپ/ جا ئەوە حەقی چییە بەسەر نرخی تۆوە؟
بەنزین/ ئاخر ئێستا وایلێهاتوە، خۆ وەکو جاران نییە
گەپ/ جاران چۆن بوو ئێستا چۆنە؟
بەنزین/ جاران تۆپ دەتەقی دوکەڵ بەرز دەبویەوە، ئێستا نرخی من دەچێتە حەوا!
گەپ/ باشە چەند جۆر بەنزین لەم وڵاتە هەیە؟
بەنزین/ بێجی و ڕەساسی و سورو موحەسەن
گەپ/ تۆ کامیانی؟
بەنزین/ تەبعەن موحەسەنەکەیانم
گەپ/ کەواتە با جگەرەکەم بکوژێنمەوە
بەنزین/ مەیکوژێنەرەوە، لەسەدا حەفتا میزی سپێشڵە!!




## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

### ئا: ئوستار رفعەت




**دووربێ لە رووتان بە پانی/**

١- موو بە سەرو گوێلاکییەوە نییە- برا بە برای نادا بەڵام یاریزان بە یاریزانی دەدات —پ- .
٢- لە(پیاڵە) دا تاقیبیکە .
٣- (ماچ و موچ) بە نیوەچڵی .
٤- ترومبێلێکی بێ خەوشە، وەک بووک دێتە ناو حەوشە —پ- .
٥- هێڕ + لە حەژمەتا بە (یونس) دەڵێن.
٦- خواردنی منداڵە، کەچی گەورەش بۆی عەوداڵە – چرۆچاو – پ-.
٧- ئاخر لە بەر چی؟ .
٨- (پۆڕ)ی بێ کلک —پ- .
٩- ناچار نەبێ کەس بە ماڵی کەسدا نایکات.

**بیلامانێ بە درێژی /**

١- لە گەڵ گندۆرەدا جمکن – کوندەپەپووی عەرەب.
٢- ناوی گۆرانیبێژێکە لە گەڵ گاوانی دا ناگونجێ.
٣- (بلێ) فەغەت لە ئێران-پ-.
٤- لە (سێوەخان)دا بۆ خۆت بگەڕێ .
٥- ئەویش وەک ئافرەتەو نیوەی کۆمەڵە-پ-.
٦- هیچ (درەنگ نییە) —پ- .
٧- پارشێو سرەی بۆ دەگرین، نەیخۆین لە برسان دەمرین .
٨- (ئالۆ)ی بێ سەرو گوێ – وەرە لە سەر نیوەی —پ- .
٩- سەروپێ- گیانلەبەرێکی فێڵبازە، مەراقی قەل و قازە .




حلی ژمارەی پێشوو
بۆ (محەمەد عەلی ئەحمەد) دەرچوو

# ڕەمەزانیات



کەژاڵ ئیسماعیل
هۆڵەندا

## بەزمی ڕۆژ

هاوڕێیەکی قسەخۆشم هەبوو ، ئەو ڕۆژەی لەگەڵ ئەو بۆ شوێنێک بڕۆشتینایە شەو تا بەیانی ئەبوایە لەتاو ئازاری قاچمان بناڵێنین، ئەو حیکمەتی ڕۆیشتنە بەدوای خۆی کێشی ئەکردین و، هەر بمانوتایە: گەیشتین. ئەیووت: (ڕیشم بگرم لەسەر ئەو شوێنە دایئەنێم) بەو مەعنایەی یەک هەنگاومان ماوە، هەرچەن نازانم ئەو پەندەی لەکوێ هێنابوو، بەڵام ئەم ڕەمەزانە ڕۆژانە ئەو هاوڕێیەم بیر ئەکەوێتەوە !!

ئەمەنە ڕۆژگار درێژە ، خۆ هەر تەواو نابێت، لەبەعزێ وولات نوێژی عیشا دائەبەستریێ ئێمە هێشتا بەڕۆژوین، ئەبێ ئێستا حاڵی بۆڵەبۆڵ چیبێت !؟

بۆڵەبۆڵ: حاڵم چییە ؟ ساڵ بەساڵ خۆزگە بە پار، گەرما و گرانی ئیبادەیان کردووم و گیرفانیشم بەدەست بازاڕەوە بارەی دێت، من نازانم ڕەمەزان مانگی عیبادەت و تەقوایە؟ یان قۆڵبڕین و چاوبرسێتی !؟

ورتەورت: مەسەلە ئیستیغلال کردنی گیرفانی خەڵکەو بیریشت نەچێ عالەمەکە خۆیان ئەو بازاڕە ڕەشەیان دروست کردووە، ئاخر ئەڵێی کەس هیچ ناخوات و هیچی نەدیوە لە رەمەزانا نەبێت ! بڕواشم هەیە عاقیبەتی نیوەی ئەو عەلاگانەی کێش ئەکرێن بۆگەن کردنە.

بۆڵەبۆڵ: داخی ئەو هەموو دراما بێتام و بەناو هەزەلی و بێسەروبەرانەی بازاڕیان گەرمە، کچێ خۆ بەعزێکیان لە شاتەشاتی ژنان بەولاوە هیچیان تیانییە و مومەسیلەکان بەسەری سپییەوە تازە دەوری عاشق و گەورەکچ ئەبینن ! ماڵ لایەکی بسوتێ کەس ئاگای لێ نییە!!

ورتەورت: ئەرێ بەڕاست ئا بەم حاڵەوە ڕۆژووەکە قەبوڵ ئەبێت ؟

بۆڵەبۆڵ: تۆ واز لەوە بێنە، ئەو سەرکردە زاڵمە عەرەبانە نیوەی میللەتیان قڕ کردو ئەڵێن: ئەمە دەستی ئیستعمارە، باشە ئیستعمار کێیە!؟

ورتەورت: مەعێن لە سیاسەتمەوە ئەگلێنیت و مەجبورم بڵێم: ئەمە سیاسەتی دەوليیە، ئەی ئەگەر دەوڵەتە دوواکەوتووەکان مەشغوڵی خۆخۆری نەبن، ئەبێ ئەوان بارەگای ئومەمەکانیان بپێچنەوە، لایەکی ئەفەریقای داماو لە برسا ئەمرن، ئەو دەوڵەتانەش ساڵانە هەزاران تۆن دانەوێڵە فڕێئەدەنە بەحرەوە، جا نازانم ئەیانەوێ ماسییەکان قەڵەوکەن، یان گیرفانیان!؟

بۆڵەبۆڵ: هەر نەڵێن ئەمیش نیشانەی ئاخر زەمانە ! ئێستا بووە بە عادەت، ئەوی ئۆمەت بیکات.. ئەیخەنە ئەستۆی دنیاو ئەیبەنەوە بۆ قیامەت، وەکو دراوسێ کۆنەکەمان بەردێ لەئاسمان بهاتایە خوار ئەیهێنا بەسەر منالی دراوسێدا، تەمسیلێکی میسریش (رەمەزانی کردووە بە رەمەزۆنە، لەسەر وەزنی مەرەدۆنە) خوا بمانپارێزێ عالەمەکە سەری لێ شێواوە.

ورتەورت: برادەرێک ووتی (مردن مردنە لنگە فرتێێ بۆ چییە)؟ ، منیش ئەڵێم: (مردن نەماوە) مەخسەدم ئەو مەسئولانەیە هیچیان پێ عەیب نییە و بەنوێژی نیوەڕۆ لە ئەوزاعی ناشەرعییا ئەگیرێن، کەچی وەکو سۆنەش تەڕ نابن، تا مەسەلەکە تۆختر نەبووە دوعایە بکە و با بڵێین ئامین!

بۆڵەبۆڵ: (یاڕەبی بۆ خاتری ئەم مانگی ڕەمەزانە، گیرفان و مەعیدە و مەچەکی هەژار و برسییەکان لە کەڵبەو چاوچنۆکیی توججارو سیاسییەکان بپارێزی)!



# دوا كاتێر






Basam rasam

باسم ڕەسام

هەولێر

ژنی ڕەش، پیاوی زەبوون




